هەرکەسێک مزگەوتێک لە پێناو خوای گەورە دروست بکات؛ ئەوا خوای گەورە (خانوویەکی) بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا وەکو ئەوە

لە مەحمودی کوڕی لەبیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عوسمانی کوڕی عەفان ویستی مزگەوتەکە جارێکی دروست بکاتەوە وخەڵکیش پێیان ناخۆش بوو، وحەزیان کرد مزگەوتەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەویش ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک مزگەوتێک لە پێناو خوای گەورە دروست بکات؛ ئەوا خوای گەورە (خانوویەکی) بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا وەکو ئەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عوسمانی کوڕی عەفان -ڕەزای خوای لێبێت- ویستی مزگەوتەکەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دروست بکاتەوە بە شێوەیەکی چاکتر لەوەی لەسەری دروستکراوە، خەڵکی حەزیان بەمە نەکرد ؛ چونکە گۆڕینی مزگەوتە لەو شێوەی لەسەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بنیات نرابوو، لە خشتی قوڕ دروستکرابوو وسەقفی لە لقی دارخورما بوو، بەڵام عوسمان ویستی بە بەرد وگەچ دروستی بکاتەوە، عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- پێیانی ووت ئەو گوێی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووە کە فەرموویەتی: ئەوەی مزگەوتێك دروست بکات لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورە نەك بۆ ڕیا وناوبانگی بێت، خوای گەورە بەهاوشێوەی کردەوەکەی پاداشتی دەداتەوە، وئەم پاداشتە بریتیە لەوەی: خوای گەورە وەکو ئەوە ماڵێکی بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65089